# خەسرەو پیربال: نامەکانی دوورەوڵاتی

پەخشانە شیعر

بڵاوکراوەکانی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی (٢)

Published on internet: www.dengekurd.com
www.dengekurd.20m.com
© dengekurd 2001

ـ نامەکانی دوورەوڵاتی
ـ خەسرەو پیربالّ
–چاپ و نەخشەسازی و ئەرشیفی:
ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی لە هەولێر: ٢٠٠١.
تابلۆی بەرگ و تەختیتەکانی ناوەوە: نامیق عەلی قادر.
– ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر: ( ١٨٤ )
Pakomaan Kirjet, Kurdin Ruono
Khasro PIRBAL

**ـ ئاه خودایە بۆ بەتەنیا جێتهێشتم!**

«حەزرەتی مەسیح»

ئەم نامانە پێکەشن:
ـ بە ڕووحی میهرەبانی هەمینی دایکم؛ چونکە پاش خۆی،
هەموو ئەوانەی خۆشیاندەویستم .. مردن.
ـ بە فرمێسکەکانی « میدیا داودی» و ئەو نیوەشەوەی
قەت لە یادی ناکەم.

## له نزیک مەرگەوە

ئاسمان بەرگی شینی دا بە دەریا
بەدەم گریانەوە تووشی وشکایی هات
دەریاش خۆی پێچایەوە ڕۆیشت بەرەو ئاسۆیەکی نادیار
گوڵەکانیش لە برسان
چارەنووسی خۆیان سپاردە دێوە ڕەشەکانی سنوور
منداڵییشم تەنها مایەوە.

لە قەرەباڵغیی بێدەنگیەکان بێزارم
لە ڕۆخ گوناهەکانم، تەنها،
هەڵتووتکاوم وەکو شێت
گۆرانیەکان دەچنمەوە
پەڵە خۆشەویستییەکی نامۆش
وردە وردە تێکەڵی ڕۆحم بووە
پەنجەکانمی سپاردۆتە جنۆکەکانی تەنیایی.

ئاه لەو بێدەنگیە قەرەباڵغانەی من!
ئاه لەو قەرەباڵغیە بێدەنگانەی من!
فریشتەی ڕۆحم دیلکراوە
لە دووای سۆراخی ئەویش، عومرم
خەریکە ورد ورد
بەرەو ڕێگای نەهات دەڕوا.

ئەوەتا کاتی هاتووە
لاشە ناشیرینەکەم ئیتر بسسپێرنە
ئەو غەریبستانە تاڵەی هەموومان.

# پەنجەرەکان

باران گوناحەکانمی لەناو پەڕی یادگارییەکانم بزر کردووە
زریانیش
لە ناوجەرگەی سەمفۆنیاوە هەناسەی ماندووی خۆی.

دایک، سەردەمانێکە، بۆنی من و براکانمی لەبیر کردووە؛
تۆش لەناو زەلکاوی یادگارییەکاندا
شەپۆل شەپۆل
ئاوازی مەرگ دێتە خزمەت میهرەبانیت.
تیشکت، پەنجەت، جوانیت،
دووایین خواوەندی ئەم چەند دووایین ڕۆژانەی ژیانمن.

لەناو عەشقتدا مانای بوون، نەبوون، سێبەری ڕەنگ،
تامی باران،گریانی شەو
هەر هەموویان میهرەبانن.

لە دارستانێکی تاریکی ڕابردوودا
خونچەیەک لە ڕۆناکی، نیان وەکوو عەشقمان
کۆڵانەکانی منداڵیمان پەیتا پەیتا ڕۆشن دەکاتەوە.

منداڵیمان بزربووە.
من دەترسم چیتر فرمێسکەکانت نەبینمەوە
چیتر وەک جاران فرمێسکەکانت نەسڕمەوە.
من یادی پەنجەرەکان دەکەمەوە.

لێرە، ڕۆژەکانم لە نێوان قەرەباڵغیی ژیان و دووریی ئەوێدا
بێهوودە و قورس ڕادەبوورن.

لەناو دڵۆپەکانی باراندا
هیچ پەنجەرەیەک نیە بڕوانێتە ئەوێ

هیچ دەرگایەک نامباتەوە ئەولا.

من دەزانم: پەنجەرەکانی منداڵیم شکان
تێکەڵ دەریا بوون؛
بارانی ئەم غەریبستانەش
عەشق و ڕۆحمان دەشواتەوە.
گوناحیش غەمەکانمان دەچنێتەوە و
بەرەو ئاسمانێکی توورە تووڕمان هەڵدەدات.

من پەنجەرەم خۆشدەوێ،
چونکە دەمگەیەنێتە یەکەمین و دووایین عەشق؛
هەر لەوێوەش دەگەمەوە تۆ، ئەی دولبەرەکەم.

هلسنکی ١/١/٢٠٠١

## خۆشی

ئەی وڵاتەکەم
کە دەگەڕێمەوە
دەگەمەوە کۆڵان و ڕێچکەکانت
لەناو کۆڵان و ڕێچکەکانت
وەک منداڵێک: بزربوو
هەر بەدوواتدا دەگەڕێم و
ناتدۆزمەوە.

٢٠٠٠/٧

# تەنیایی

هەموو ڕۆژێک لەم غەریبستانە
منداڵێکی چەتوون
کاغەزەکان دەکەمە کۆلارە
بە ئاوازەکانی منداڵیم ڕەنگیان دەکەم.
دەستم درێژ دەکەم تەلی قژی تۆ
دەکەمە داو،
هەڵدەفڕمە کۆڵانەکانی ڕابردووم. دەگەڕێمەوە ئەوێ.

من لێرە
لە بەیانییەوە تا ئێوارە
لەتەک کاغەزەکانم هەڵدەترووکێم
ڕێچکەی باریک و قشت لە ئاسمانی عەشق و حەژمەتدا
دەکەمەوە.
من لێرە، هەندەی خودا لێتەوە نێزیکم.
لەپڕ، کە دەڕوانمە ڕابردووش:
کۆڵانێکی چۆڵ؛
داهاتووشم: رابردوویەکی کۆڵاناوی.
هەوڵ دەدەم کاتەکانم کۆبکەمەوە، لەگەڵ چەمکە
فرمێسکێک
بۆ غەمەکانتی بنێرمەوە، ئەی خۆشەویستەکەم!

هلسنکی١٩٩٩

# وشەکان

ڕەنگاڵەکان، تەبای ساڵانی منداڵییم، پۆل پۆل
بەرەو دیارێکی نەناسراو کۆچیان کرد.
باڵندەکانی ئێرە گۆرانیی عیشقی خۆیان سپاردە
تارمایی ئێوارەیەکی تاریکی ئەم دەربەندە.
منیش وشەکانم دەپێچمەوە
دەست درێژ دەکەمە ناو ئاسمانە سەرابییەکانەوە.

خۆشەویستیی ئەو مەملەکەتەیە کە هێشتا هیچ
کریستۆفێک
نەیدۆزیوەتەوە.

دوێنێ پێش ئەوەی خۆشت بوێم،
وشەکانم سپاردە گەڕۆکێکی نەناسراو:
نەوەک نەتوانم
چیتر
دەمم
بخەمە نێو
شەهوەتی عەشقت و
گۆرانی بڵێم؛
نەوەک یاخیبوونم دیسانەوە ببێتەوە وشە، پەلاماری
کۆشکی میهرەبانیت بدا، ئەی ئازیزەکەم!

دوێنێ کە خۆشت ویستم تارمایی ترس دایگرتم و وشەکانم
کۆچیان کرد.

# دەنگەکان

دیسان هاتەوە پایز
ورد ورد ڕەنگەکان کاڵدەبنەوە
بزردەبن
وەک ڕووحە کەسیرەکەم، هەموو
گوڵ و خونچە و لقی مەملەکەت
پێکڕا سەمفۆنیای مردن دەژەنن
ش   ش   ش
ش   ش   ش

بەیانی مردنە!
بەیانی مردنە ئەم هاژە هاژە
هاژە هاژی ڕووحی منە
منیش بە هەموو تەنیایی خۆم
غەمەکانم دەپێچمەوە و ڕوودەکەمە قیامەت
ڕوودەکەمە داهاتوو
ڕوودەکەمە ڕابردوو؛
لەنێوان دوو ئاگردا دەتوێمەوە
دەت
وێ
مە
و
ە

لاهتی ـ ٢٠٠١

## عەشق

تۆ لەناو دارستانی تاریکی ڕۆحم
ئەستێرەیەکی پرشنگدار بوویت
پرچی ڕەشت ماتەمینی عەشقمان بوو.
شەوان، کە سەر هەڵدەبڕم
فرمێسکی گەرمی ئاسمان دەڕژێتە سەر سەرینی
دەربەدەریم.

بۆنی گوڵەکان سەریان هەڵگرت، وشەکانم هەڵوەرین،
بارانی شیعریش لە چۆڵەوانیی ڕۆحمدا بە تاقی تەنیا
بە ڕۆح دەگری.

کاتێک ڕووناکیی ڕوومەتت
دەستی میهرەبانی
بەسەر ڕۆحی کەسیرەمدا گرتبوو
وشەکانم گەنج بوون،
ئاوازی عەشقمان سروودی ژیان بوو،
بەیانیان کوکووختیی دڵدارییمان لا میوان بوو
خۆش خۆش دەیخوێند، ئێمەش وەک باڵندە
لە شەقەی باڵمان دەدا و دەفڕین.

دووایین ژووان
ئێوارەیەکی نەعلەتی بوو
وشەکانم کۆترە یاخیبوو ئاسا
دوور و دوورتر دەکەوتنەوە.
دوو بولبولیش لێرە، بە یادی جاران
ڕۆحیان تێکەڵ یەکتری بووە و
لەناو یەکتر
دەتوێنەوە.

لاهتی ١٩٩٩

## نامۆ

ئەگەر بیرم دەکەی
گوێ لە دەنگی پەڵکەدارەکان ڕابگرە
کاتێ وەک ئادەم تووڕ هەڵدەدرێنە سەر ئەرز!

ئەگەر بیرم دەکەی
گوێ لە هاژەی هاژەی غەم ڕابگرە
کاتێک بەرەو سنوورە نادیارەکان کۆچ دەکا..!

من بیرت ناکەم
من غەمی تۆم نیە
وا دەبینم قاچەکانم کەللەی سەرم ناناسنەوە
وا دەبینم دەست و پەنجەم کونەلووت و گوێچکەکانم
ناناسنەوە
بیرت ناکەم
باست ناکەم
بۆنت ناکەم
بارانە غەمەکانی عەشقت هەموو گوڵەکانمی
یەک
یەگ
خنکاند.

گەر بیرت کردم
گوێ لە دەنگی پەڵکەدارەکان ڕابگرە!

دیاربەکر ١٩٩٨

## پەڕەسێلکەی ڕووح

بۆ ساتێکیش بێت، ڕووحی ماندووم
بەسەر ئاسمانی خۆشەویستیت
دەفڕێ و جێتدێڵێ.

لەوێ، نە تۆ و نە من
بەبێ یەکتر ناحەوێینەوە.
خواحافیز هاوڕێیەکەم.
وەک تۆ منیش باڵندەم و دەگەڕێمەوە گەرمیانی خۆم:
لەوێوە نەختێک گریان، تۆزێک زەوق
مستێک خۆشەویستیت بۆ دەهێنمەوە؛
لەوێوە هەندەی دونیا
خەندە و ڕۆناکیت بۆ دەچنمەوە
دەیانهێنمەوە ئەم دەربەندەمان.

هلسنکی ٢٠٠/١١/٣

## ئاوێنە

لە چاوەکانتا
تۆزی ڕێگاکان ون دەبن و دەبن بە هەڵم
غەریب، تەنیا ، نوقمی دەریا ،
دەریای چاوت
ئا لەم ڕۆژهەڵاتەی خوداوە
هەتا دەربەندە سارد وسڕەکانی دوورەوڵاتی
غەریبیت دەکەم.

لە چاوەکانتا ترسی ڕۆژگارم دەڕەوێتەوە
خۆم دەکەمە کونجی دیوەخانە گەرموگوڕەکانی منداڵیم
لە چاوەکانتا منداڵیم باڵندەیەکی جەربەزەیە و دەحەسێتەوە
ڕووحی کەسیرەشم دەکەوێتە
سەر دەریای بەدەوی شەهوەتی غەم.

لە چاوەکانتا پاش چەندین ساڵ
منداڵیم دۆزیەوە و
بە سنگی خۆم نووساندەوە.

١/١١/٢٠٠٠
ڤییەننا

# پۆرترێت

ـ سەفەر سەلامەت؛ برۆ: نانت گەرم و ئاوت سارد بێت.
«هەمینی دایکم»

له ماردینەوه بەرەو خانەقین
له قامیشلۆوه بەرەو بانه
له دلانپارەوه بەرەو مەخموور
له یەریڤانەوه بەرەو سلێملنی
بە تەنیا،
ماندوو، مردوو
دوو جانتای شەپڕێو
پاسەپۆرتێک
یەک ڤیزەی ٧٢ سەعاتی
بێ پارە و پوول
دەسوورێمەوه.

هەولێر ٢٠٠٠

## پاشماوەکەم

دەنگی هاژەی مەرگ بوو
ورد ورد نزیکی کردمەوە لە کۆتایی گوناحەکان
گوڵەکانمان بە ئاوی پەشیمانی ئاو دەدەین
گلەییش لە خودا دەکەین:
چۆن خودا هەندە بێدەنگە؟

لە تارمایی عومرێکی کورتەوە دەڕوانمە ڕۆژگارەکانم
کورت و ماندوو و بێدەنگ
لە خۆرەوەش ڕەنگەکان دەچنمەوە و دەیکەمە دیاریی
گوڵە تینووەکانی کاولە وڵاتەکەم.
چارەنووسی ڕەشی عومرم
ئەفسانەیەکی کۆنی ئەم زەمانە قاتوقڕیەی ئێستایە
باران دڵۆپ دڵۆپ
گوناحە ئەبەدیەکانم دەسڕێتەوە
لەم بیابانە چۆڵەی ژیانم
ئەوەی ماوە و نەسڕاوەتەوە
ئەوەی ڕەنگە و یادیان دەکەم
چاوەکانتن
لێوەکانتن
دەستەکانتن؛
تەنیا...

هاوینی ٢٠٠٠

## یادگاری

منداڵ،
هێشتا زمانم تاڵیی ڕۆژگاری نەناسیبوو؛
منداڵ،
دایکم دەیگوت:
مەڕۆ
دوورمەکەوە لە ماڵەکە
دەیترساندم، ترسناکستانی بۆ دەگێڕامەوە
منیش ورد ورد بەردە بچکۆڵەکانم
لە گیرفانی خۆم دەکرد و وەکو چۆلەکە
هەڵدەکوڕمام و سەیری مێرووولە بچکۆلەکانم دەکرد.
منداڵ،
برادەرەکانم تەنها
چۆلەکە و مێرووولە و بەردە بچکۆلەکان بوون
تەنها
چۆلەکە و مێرووولە و بەردە بچکۆلەکان بوون.

# پایز

لەژێر پەڵکەدارە ڕزیوەکانی ئەم پایزە
هەست بە بێدەنگی و ئارامیەکی زۆر دەکەم
ئێواران
ڕەشەبای باکوور توورڕم هەڵدەدات
بارانیش دەستی
میهرەبانیی خۆی
بەسەرمدا دادەهێنێ و
منیش دەگریم.
گریانم دەریای ئەفسووناوی دروست دەکا
دەمباتەوە نزیک گوندە سووتاوەکەم
وردە منداڵە برسیەکانی وڵاتەکەم دەبینمەوە.

پایزم خۆش دەوێ
چونکە دەمباتەوە وڵاتەکەم.

## گلەیی

له دارستانێکی تووڕەی بەدبەختیماندا
دوو گوڵی شەرمن دەگریان
دەگریان و بەدەم ڕەشەباوە دەیانناڵاند.
له بەهاری ئەو ساڵەم پرسی بۆچ وا درەنگ هاتی؟
وتی:
– پار کە لێرە بووم خۆشیان نەویستم
کە لێرە بووم منداڵەکانم نەدەبینی
بۆنی خوێن و کەللەی سەری خەڵکی ئەو ناوەش
تامی خۆشییان لە بیر بردمەوە.
لێرە ڕەنگەکان، خۆشی، خەون، خاک
هەر هەموویان دابەشکراون.

من لێرە
تەنانەت لە کاتی خواردنی گندۆرەیەکیش
هەست بە تەنیایی و بێکەسی دەکەم.

# سپاردە

کاتێک خونچەگوڵی منداڵیم
سپاردە تارمایی مەنفا، لەگەڵم بوویت.
کاتێک ڕۆژانی ڕووناکمان سپاردە تاریکی،
ئاسمان تووڕە بوو
گریان دونیای داگرتەوە.
کاتێک خۆشەویستیمان سپاردە زیندان
کەلەپچە شکا
تیشکی خۆر دیواری بێدەنگیی ڕووخاند.
کاتێک ڕۆیشتم
بۆنی گوڵەکانم بەخشیە باخچە وشکەکان،
تارمایی دایکم
خۆشەویستیی خانووە شڕەکەمان
پەنجەرەی منداڵیم
دەفتەری ڕەسم و ئەلفوبێی کوردیم
جزوعەمەم
ڕوبعی ڕۆژانەم
دەخیلە بچکۆلانەکەم
یەک
یەک
ورد و خاش کران.

# گەڕانەوە

لە دارستانی تاریکی ڕووحمدا
دەشتێکی میهرەبانم دەوێ
هەرچی تۆز و پاشماوەی باران و
پەلکەگەڵا زەردهەڵگەڕاوەکان هەن
بە دەستێکی بەهێز فڕێ بدات و قورتارم بکات
پایز لەگەڵ بەهار
بەهار لەگەڵ هاوین
هەر چوار وەرزەکانم بزر کردن.
دولبەرەکەم
یادی فرمێسکی گەرمی گەشت دەکەم
حەز دەکەم ببم بە تەیرێک هەڵفڕم
دوور هەڵفڕم و بێمەوە گوندەکەی خۆمان
بێمەوە: شەکەت،
بارانی ئەمساڵ بمشواتەوە
تەبای عیسا پاکم کاتەوە
تەبای عیسا زیندووم کاتەوە.

١٥/٧/٢٠٠٠ لاهتی

# گریان

پێشکەشە بە ڕووحی سوهرابی سپهەری

لەوێ بێدەنگیی تەنکاو و دەنگی تاریکی
تێکەڵی بۆنی باڕووت ببوون
منداڵانی گوندەکەش بەبرسیەتی شەویان بەسەر داهاتبوو
لەناو بێدەنگیەکی ترسناک خەویان لێکەوتبوو
ماسیە ڕەنگاوڕەنگەکانیش کۆچیان کردبوو
دەنگی پێی شەڕیش هێشتا هەموومانی هەراسان کردووە.
کێ وەکو من عەشقی ئاونگی سەر پەڕی وەنەوشەکانە
با بێت و ماچی بکەم
کێ وەکو من عەشقی ئەفسانەی گوڵاڵەسوورەکانە.
ئاه... لێرە کەس ئاگای لە بەهار نیە
لێرە هەموومان لە دووای ڕێگایەک دەگەڕێین کە
دەمانگەیەنێتە حەوشی قیامەت.
قیامەت لێرە بوو
ئەوەتا دەبینم منداڵ و ژن و پیاو و باڵندە
پێکەوە بەبەر تووڕەیی خودا دەکەون و دەڕۆن
بەرەو ئاسۆ نادیارەکان.
ئەوەتا دەبینم ماڵەکەمانیان ڕووخاند
یەکێکیان خەریکی قسەیە و کار ناکات
ئەوەی تریان کار دەکات و دەنووسێت
ئەوە هاوسێیەکەمانە و خیانەتمان لێدەکات
ئەوەی تریش لە بێدەنگیەکان دەترسێت و
خۆی دەکوژێ
هەموو کانیاوەکانیان پڕ ژەهر کرد
من غەمی ئەو کۆترانەمە
کە وا سەیری ئاوە لیخنەکە دەکەن و دەگرین
دەگرین بۆ خۆیان
بۆ ئێمە..

ڤیەنا ٢٠٠٠

# یاد

ئەم شەویش
غەریبیی جوانیت دەکەم
لە تاریکیی تەنیاییمدا
لە بێدەنگیی شەو
لە دەنگی با
غەریبیت دەکەم.
وشەکانت
وەک دەستی دایکم
نەرمتر لە خۆشەویستی
شیرینتر لە وڵات
هەموو بەیانیەک
لە خەو بێدارم دەکەنەوە و
دەمبەنەوە دونیای خۆیان.
ئەم شەویش
تا دووا چرکەی دڵۆپە فرمێسکەکانم یادت دەکەم،
لە دوورەوە
دوور لە شەوانی عەشق و ماچ و خۆشەویستی
دوور لە شوێنەوارت
دوور لە بۆنی گوڵە وشککراوە کۆنەکانت
لەم بێدەنگیەدا
کاتەکانم وردە وردە
بەسەر دەبەم.

# دیاری

بەیانیت باش ئەی ڕۆژانی تەنیایی!
ئەفسووس؛ هەواڵی ڕووبارە وشکەکان،
هەواڵی گوندە خاپوورکراوەکانم پێیە
وێنەی منداڵە ڕەشوڕووتەکانی
لای خۆمانم بە دیاری بۆ هێناوی
بۆنی دارستانێکی ماندوو و باخچەیەکی تینووم پێیە
هاتووم بۆ لات ئەی بەهاری عومرکورتی ئەم
غەریبستانەم.

بەیانیت باش!
لە دوورەوە
ماندوو
چەپکێ گوڵی
سوور و زەردم
بۆ هێناوی.

## گەڕانەوە

لە خەونمدا دیسان گەڕامەوە
لە خەونمدا دیسان
تەبای جاران:
منداڵەکان
تۆپی جاران
جووتە قۆندەرە زەردەکانم
بێجامە خەتخەتەکەم..

لە خەونمدا بە کۆڵانی منداڵییمدا تێپەڕدەبمەوە
لەژێر سێبەری دارمێوە کۆنەکەی ماڵەکەمان ڕاکشامەوە
لە خەونمدا دیسان
لاپەڕەکانی منداڵیم هەڵدەدەمەوە
یەکە یەکە
وشە وشە دەڵێمەوە
کۆڵان کۆڵان دەناسمەوە
لە خەونمدا دیسان
بە خۆشەویستی ئاشنا دەبمەوە.

لە خەونمدا...

## نامەیەک بۆ ئاڤای کچم

ئاڤا گیان، کچی شیرینم
بخەوە گیانەکەم!
تازە ئیتر ڕێگات دوورە، هات و نەهاتە
ئیتر دەبێت لە دووای پارچە زەویەکی تر و باخچەیەکی تر
بیت
ناوی گوڵەکانیش بگۆڕیت
لێرە کۆڵانەکانت جیاوازن، ناوی تریان هەیە.
جاران، لە بیرتە
شەونمی بەیانیان مێوانت بوون
تازە چیتر بۆنی منداڵییت ناکەیتەوە.
جاران ژیانت بریتی بوو لە
ماڵێکی بچکۆڵە، قوتابخانەیەکی ڕەنگین، چەند دارێک،
باخچەیەکی شەرمن، چەند وردە منداڵێکی ڕۆحسووک
ئێستا جارانت دوورن
ئێستا لەناو دارستانەکاندا هەندە گەورەن و
تۆش هەندە بچکۆلانەی
هەموو ڕۆژێک بزر دەبیت و دەدۆزرێیتەوە
بخەوە دڵەکەم
ئێستات سارد و دڵت ساردتر
بخەوە وا منیش لە تەنیشتتەوە
ئەوەتام
فرمێسکەکانت دەسڕمەوە.

لاهتی/ ٢٠٠١

## پەناهەندە

وا لێرەم
بێدەنگ
قسە دەکەم، دەخۆمەوە
نەختێک زەوق و کیلۆیەک قاوە
کارتۆنە جگارەیەکی ڕووسیم هەیە.
شەوان دەگریم و ئێواران وێڵم
هەموو ڕۆژێک لاپەڕەیەکی ڕەشی عومرم دەسڕمەوە
هەموو ڕۆژێک ژمارەیەکی ڕۆژژمێرەکەم دەسڕمەوە
ئێواران دەگەڕێم چەند وشەیەکی سەرخۆش و
جوان بناسم
تاوەکو باسی شیعریان بۆ بکەم.

ئێواران، ئەو ئێوارانەی ئێوارە نیین
ڕۆژەکان، ئەو ڕۆژانەی ڕۆژ نیین
وشەکان، ئەو وشانەی وشە نیین
بێدەنگیەکان، ئەو بێدەنگیانەی بێدەنگی نیین.

هیلسنکی ١٩٩٩

## هاتنەوە

وەکو ئێوە
خەڵکی هەمان نیشتیمانم
تەبای ئێوە هەموو ئاوایییەکانتان دەناسم
لە شوێنێکی تر نەهاتووم.
هاتووم، گوڵەگەنمم هێناوە
بیکەمە دیاریی گوندە ڕووخاوەکان.

هاتوومەتەوە، ئەی گوندەکەم
ڕێگام پێبدەیت تێر تێر
ئاوی سازگارت بخۆمەوە.
هاتوومەتەوە
دەفتەری تەنیایی و غەریبییت بۆ بخوێنمەوە
هاتوومەوە تنۆک تنۆک
فرمێسکەکانت بسڕمەوە .

هاتوومەتەوە، چونکە لەوێ:
شەو ڕۆژە
داهاتوو ڕابردووە.

هەولێر ٢٠٠٠

## برووسکە

بۆ موحەمەد سلێمان:
قەت نەمدەزانی پاش ٢٥ ساڵ لەیەکتردابڕان
وێنەی منداڵیی خۆمانم پێ نیشان دەدا لە هەندەران.

بۆ مامۆستا حەبیب تۆما:
لە ترسی تەیارە
وەکو تەیارە
بە تەیارە
وڵاتم بەجێهێشت.

بۆ بەهاری ئەم ساڵی
کوردستان:
وەختە لە حەژمەتی گوڵەکانت بمرم.

بۆ هەمینی دایکم:
بریا قەت گەورە نەبوومایە!

بۆ مزگەوتی چۆڵی:
خۆزگەم بەداری ناو حەوشەکەت

## کۆتاییەکان

مەلۆتکەی عەشقمان سەفەری هات و نەهاتی کرد. وشەکان سەری خۆیان هەڵگرت . هەتا ڕۆشنایی مانگیش. تێکەڵ بێدەنگیی غەم بوو. بارانیش لە حەژمەتان کۆچی کرد. لەم وڵاتە لەم نەخشە پان و بەرینە جەهەنەمیەدا کۆترەکان مۆسیقای عەشقیان لەبیرچۆتەوە و هۆن هۆن دەگرین .
منداڵەکانیش ئاوێنە بچکۆلەکانیان، بەسەرخۆشی لە دەست شکا و منیش بۆ دووا جار شیعریماڵئاوایی لەسەر کراسی ئاسماندا دەنووسمەوە.

## تێکەڵبوون

شەوەزەنگ بوو، ڕۆحی پەشۆکاوم تێکەڵی تاریکی دەبوو، لە ڕێگادا بەهاری ساڵانی گەنجیم، بە ترسەوە، بە غەمەوە کڕنۆشی میهرەبانیی بۆ عومری کورتم دەبرد. لە ڕێگادا ساڵانی ڕۆیشتوو خونچە گوڵی وشککراو هەڵدەوەرێننە سەر ڕێگام.
لە ڕێگادا ڕۆحم تووشی ڕۆژانی ڕەشی عەشقم دەبێتەوە .
دەستی میهرەبانت دەکشێتە سەر تەمەنی کورتی بەهارم ، منیش هەردوو چاوم بە بۆنی خونچەگوڵی وشککراوەی ڕۆژانی چاوەڕوانی وردە وردە دادەخرێنەوە و بۆ دوا جار چاو لێکدادەنێم و بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕم.

## ١٢ ساڵ

دوانزده ساڵە نامەت بۆ دەنووسم
دوانزده ساڵە هەموو بەیانیەکی ئەم دەربەندەم
بە فرمێسکی ساردی جیابوونەوەم دەشۆمەوە
پەنجەکانت
فرمێسکی قەتیسماوی دوا دیدارمان
لە بیرمە
دەستە میهرەبانەکانت، بۆ دوا جار
جۆشی خستە لەشی پەککەوتووم
ئەی دولبەرە غەمگینەکەم
نامەکانم نەگەیشتوون
وشەکانم لە ڕێگا لەگەڵ کۆترەکان
کۆچیان کردووە بۆ وڵاتێکی تر
وشەکانم پاسەپۆرتیان نەبوو
لەسەر سنوور بەبێ ڤیزە بێ پارە و پوول دەلاڵانەوە
لە وڵاتی ئێمەدا پۆستە نییە
لە وڵاتی ئێمەدا خۆشەویستی پێویستی بە پاسەپۆرت هەیە
منیش پاش دوانزده ساڵ تەنها
وشەکانم ماون
تەنها
وشەم ماوە.

هلسنکی ١٩٩٨

## نیشتیمان

باڵندەکان
کاتێک چاویان دەکەنەوە دەبینن
نیشتیمانێ
گەرمیانێ یان کوێستانێ
ماسیەکان کە لەژێر گابەردەکان
بەرەو تەنکاوێ کۆچ دەکەن
دەگەنە وڵاتێ
لاولاویش کە گەورە دەبێت
پیرەدارێکی بەڕووحم دەکاتە باوانی خۆی و وڵاتی خۆی
دارسنەوبەرەکانیش خۆیان لەژێر
سێبەری دارستانێکی میهرەبان
دەشارنەوە و نوێژ دەکەن
ئێمەش لەوەتەی خۆر هەڵدێت و
ئاسمانیش باران دەبارێنێ
بەتەنیا لەسەر ئەم سنوورانەدا
وێڵ و سەرگەردانین بۆ نیشتیمانێ!

دیاربەکر ١٩٩٩

## کوردستان

به ئاسمانەوە
کۆترێکی سپیی ماندوو
بێدەنگیەکی بێدەنگ
لە ئاسمانێکی شینی چۆڵدا
لقی داری زەیتوونێکی بە دەنووکیەوە گرتووە و
بە حەپەساوی
بە ترسەوە
سەیری خوارەوە دەکات.
هاوار و گریانی منداڵەکان
تێکەڵ بە بۆنی خوێن و ئاگر دەبن
خوداش لە کونجی ژوورێکی تاریکی غەریبیدا
بە کوڵ دەگری و پەشیمانە.

هلسنکی ١٩٩٩

## لەسەر سنووری کوردستان

له هه‌مووی تاڵتر
دژوارتر
کورتتر
درێژتر
فراوانتر
ناخۆشتر
دوورتر
قورستر
بێقیمه‌تتر
هه‌نده‌رانه هه‌نده‌رانه

## ئێواران

ڕووباره بچکۆله‌کان ده‌ڕۆن و ده‌ڕژێنه ده‌ریا
تیشکی ڕۆژ ئێواران مێوانداریی ڕۆناکی ده‌کات
چۆله‌که‌کان ده‌گه‌ڕێنه‌وه هێلانه‌ی گه‌رم
تاریکی دادێت، منیش ته‌نیام
یادگاریه‌کی منداڵیم هاوسه‌رمه، ته‌نیا
من و چه‌ند شیعرێکی کۆنی منداڵیم
یه‌کده‌گرینه‌وه.

## لەوێ

منداڵیم لەوێ
تەنها یادگاریە
منداڵیی من لەوێ دونیایەکی بچکۆلانە بوو
چەند ڕەنگێکی تۆزاوی
چەند دارێکی سەوز
چەند ئێوارەیەکی شەرمن
چەند وردە منداڵێکی چڵکنی تەیراوە.
یادگاریەکان نارنجی
مانگ ڕووی گەش و ساف
منداڵەکان ساکار و دڵخۆش
منداڵیم لەوێ پیر بوو
لێرەوە
هەموو ڕێگایەکی ئێستام هەمیشە دەمباتەوە ئەوێ
هەموو خەونێکی شەوە تاریکەکانی غوربەت
ڕەنگی بێبەختیی ئەوێم بۆ دەهێننەوە.
خۆشەویستی چەند ئێوارەیەکی شەرمن بوو
چەند ژوانێکی ژێر داری پرتەقاڵ بوو و بڕایەوە
چیرۆکی خۆشەویستی چەند گفتوگۆیەکی
پچڕپچڕ بوو و قەتێندرا.
لە مەملەکەتی ئێمە خۆشەویستی تەبای
حەشیش و قومارە
کەچی من لێرە هەموو مەمنووعەکانی ئەوێم خۆشدەوێ
من لێرەوە بۆ کوێ دەڕۆم
دەمباتەوە ئەوێ
ئەوێی منداڵیم
ئەوێی تۆزاویم
ئەوێی بێبەختیم

ئەوێ لێرەوە داستانێکی دوورودرێژە و نابڕێتەوە
ئەوێ لێرەوە چەند ئێوارەیەکی ناهەمواره
ئێستاش خۆی حەشار دەدات و ڕادەکات
ئەوێ لێرەوە هەمین بوو مرد
ئەوێ لێرەوە هەولێر بوو هەولێریش
تا ئەمڕۆ شەش شەڕی گەورەی تێدا خولقاوە
چاو لە ئاسۆ چاوەڕوانی شەڕێکی ترە
ئەوێ لێرەوە قەلات بوو
ئەویش ئێستا لە ئەڵمانیا
داوای مافی پەنابەریەتی کردووە
سێ جار ڕەفزی بۆ هاتۆتەوە و
ئێستا لە چێشتخانەیەکی یۆنانی کار دەکات
لە هانۆڤەر
ئەوێ لێرەوە ڕەنگەکان بوو
ڕەنگە جوانەکان
ئێستا ڕەنگەکانیش بەشکراون
ئەوێ... ماڵەکەمان بوو لە تەیراوە
ئەویش ڕووخا
لێرە من لە ڕاوچیەکی بێبەخت دەچم
لە نزیک ئەم ڕووبارە بچکۆلانەیە، هەموو
ڕۆژێک خەریکی ڕاوەماسیم
لە ژێرەوە تیژ دەبینم
ماسیەکانیش سەیری سەروسەکوتی ڕەشم
دەکەن و ڕادەکەن.
فینلاند ـ هلسنکی
کۆلاساری ڤاستان ئۆتۆکەسکووس
ژووری ژمارە ١٣٢
لەوێوە
دەڵێن لەوێ پۆست نییە
دەڵێن لەوێ پوولمان نییە
دەڵێن لەوێ ناتوانین هیچ بروا و هیچ بێت
لەوێ ناتوانن هیچ بزانین کەچی لەوەتەی
دۆلار لە دایک بووە و

نەوتی کەرکووک و خانەقین دەدزرێت
کەچی ئێستاش خاڵۆزای باوکم لە کەرکووک
لە ترسان خۆی بە عەرەب ناونووس کردووە وکرێچیە
لێرەوە دەڵێن لەوێ حوکمەتێکمان هەیە
ببوورن دەڵێن دوو حوکمەتمان هەیە
حوکمەتی هەرێمی کوردستان
هەرێمی حوکمەتەکانی کوردستان
حوکمەتی هەرێمەکانی کوردستان
حوکمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
کەچی ئێستاش لە هەولێر
١٠٠ دۆلاری ئەمریکی دەکاتە ١٨٩٥
دیناری عێراقی
نازانم لێرەوە غەم بۆچی بخۆم
بۆ خۆم وەختە غەم بمخوات
یان بۆ ئەوێ وەختە حەژمەت بیخوات
ئەگەر حاجی قادری کۆیی لە فنلەندە بووایە
لە مێژ بوو خۆی دەکوشت
لێرە فەرقی من و مریشکێکی قوندە لەوەدایە:
ئەو دەزانێ چەند ڕۆژێکی تر ژیان کۆتایی دێت
بۆیە دەیبینم هەموو بەیانیەک
هەرکە دەردەکەوم و وردە وردە
لە ژووره ساردوسڕەکەم
دووردەکەومەوە و
دەچمە لێواری ئەو ڕووبارە
دەیبینم بە کەیف و خۆشی
هەڵدەپەڕێ و گۆرانی دەڵێ
ئەو دەزانێ، وەک من نییە
ئەو نە ئەوێی هەیە نە ئێرە
من لێرە تەنیام
تەنیایەکی تەنیا
تەنیایەکی تاڵ
من لێرە هەنکی یەک خودا تەنیام
خوداش دەفەرموێ: «ولقد خلقناکم شعوبا و قبائل

للتتعارفوا».
لێرەوە تەنها غەریبیم ماوە
هەموو شتێکی جوانم مردن
غەریبیی هەولێر دەکەم
غەریبیی دایکم
ماڵە شڕەکەم
غەریبیی کەباب، تەبای پیرەمێرد
وەختە بمرم بۆ
نەفەرێک کەباب!
منداڵیم کە منداڵی نەبوو
چیرۆکێکی نقوستان بوو
لێرەوە من غەریبیی هەموو شتێکی ئەوێ
دەکەم
غەریبیی گوڵاڵە دەکەم
گوڵاڵە یەکەمین و دوایین خۆشەویستم بوو
غەریبیی ئەو پاش نیوەڕۆیە شەرمنانەی
دەکەم، کە تا دوایین ژوانیش
تەنانەت شەرمی دەکرد ماچم بکات.

ئەی دەریای باکوور
ئەی ساردترین ئاوی دونیا
ساردتر لە دڵی پەککەوتووی من
تۆ چەند پەناهەندەی دیکەی وەک من
هاوڕێی تۆن و جار بە جارێک ئاوها
دێنە سەر گۆڕە ساردەکەت و
بۆ مەیتی وڵاتی خۆیان دەگرین؟

هلسنکی ٢/١٩٩٩

# گۆرانیەک بۆ قەڵای هەولێر

پێشکەشە بە مەهدی خۆشناو

لە دوورەوە سەرم هەڵگرت و
هاتم بۆ لات
هاتم بتبینم لەگەڵ خۆمدا
غەمەکانم خونچە کرد و بە دیاری بۆم هێنای
فرمێسکەکانم بە کراسێکەوە وشککردبۆوە
بە قەدپاڵی کۆشکەکانت هەڵواسی
هاتم بە زمان تامی تۆزی دێرینت بکەم
هاتمە لات ئەی بەستەزمان
منداڵە وردەکانت هەر وەکو جاران برسی و ڕەشوڕووتن
کۆڵانەکانت تاریکتر بە قوڕ و چڵپاوتر
هاتمە لات بە تاق و دیوەخانەکانت شاد ببم
هاتم تام و لەززەتی شەوانی چیرۆکخوێندنەوەکانت بکەم
شەوانی دیوەخانەکانت
دیوانی چەلەبی و مەلافەندی دڵبڵندت.
کاتێک قەڵاتم بەجێهێشت و ڕووم لە هەندەران کرد
هیچم نەدەزانی و شەرمن بووم،
ئەمڕۆ کۆڵانەکانت شەرم لەو ڕۆژانەی ئێستا دەکەنەوە و
دەگرین بۆ بێبەختیی خۆیان
لە بیرمە کاتێک بە هەناسەسواریەوە کۆڵانە پڕ بە بۆنە
خۆشەکانمان بەجێدەهێشت و وردە وردە
لەگەڵ باوکم دەهاتینە خزمەتت
وردە وردە بەرزدەبووینەوە و
دڵ دەبووە یەکپارچە ئاگر و بۆت دەسووتا
هاتمە لات بە دەرگاکانت شاد ببمەوە
کاتی جاران دەرگای ئەحمەدیت منداڵیم بوو
شەرم و یادگاری دایکم و فرمێسکەکانی بوو
دەرگای گەورەت دڵبڵندی و ئازادی بوو

پاش عەسرانتم لە بیرە
لە بلّندیەوە سەیری سنووری شارم دەکرد
دەمروانیە ئاسۆ و خۆم تەنانەت بە
پاشاش نەدەگۆڕیەوە !
هاتمەوە لات ئەی سەربەرزیم
بە ڕووتی هاتوومەتەوە لات و پۆشتەم بکە
لەوێ لە ولاّتی بەفر و سەرمادا هەرچی مەشخەلّ هەبوون
هەموویان لێ کوژاندمەوە و ئا ئەوەتا دەبینی
لە بەر بەژنت دەلەرزم
هەرچی خەندە و پێکەنین بوو وتیان نامۆن و
تووڕیاندایە دەریای تاریکی
هاتووم بزەم بخەیەوە سەر لێو و بمبەخشی
نەختێک لە لەزەتی کەیف و سەفات
هاتم و غەریبییم دەکردی
غەریبیی تۆز و ڕێچکەکانت
غەریبیی مشکۆ و نالّەنالّەکانی
غەریبیی کۆشک و تەلارە وێرانکراوەکانت
ئەی دایکی میهرەبانم ببوورە ئەگەر بێنمەکییم لەگەلّتدا کرد
و
لە شەوەزەنگێکی خوێناوی بەجێمهێشتی
تۆزی غەریبیم شاهێدن و ماتەمینی خۆم دەکەم
دوور لە بالاّت
وەکو زیندوویەکی مردووم و
لەگەلّتدا
لە هەندەران
لەگەلّت دەسووتێم و دەژیەمەوە
لە بۆت دەگریم و دەتلێمەوە
ئەی میهرەبان...

١٩٩٩

## پەنجەرە

من و تۆ چیتر دەنگی ئاو نابیستینەوە
من و تۆ چیتر غەمەکانمان نارەوێنەوە
تۆ لەملاوە و
منیش لەولاوە
هاتمە ژێر سێبەرت ڕەنگم تاڵ بوو
بۆنی وەنەوشەت چیتر نامناسێتەوە
ئیتر چوون یادگاریەکان
بوون بە ئەفسانەیەکی چاخەکانی
ناوەڕاست و هەڵوەرین
دەست و پەنجەکانم نامۆن و ناتناسنەوە
لەگەڵ ڕێچکەکانت خۆم بزر دەکەم
تنۆک تنۆک
لەناو بێدەنگیەکی ترسناکدا خۆم ون دەکەم
دڵۆپ دڵۆپ
یادگاریەکان دەمبەنەوە سەر تاقە ڕێچکەی خۆت و بزر
دەبمەوە
ئەم تابلۆیە ناتەواوە عەشقی من و تۆیە
دیسانەوە لەگەڵ ئەم بارانە ناوەختیە
دیسانەوە لە دایک دەبێتەوە
عەشقەکەمان وەک کۆترێک بە ئەسپایی
دەنیشێتەوە
سەر سەکۆی منداڵیم
بە دەستێکی میهرەبانەوە دەملاوێنێتەوە
نازانم چۆن دیسانەوە بتوانم مێژوو
جارێکی تر بنووسمەوە
وشە یەکەمین و دوایین برادەرمە
هەموو شتێک لە وشەوە هاتووە، وشەش
لە دەمی دولبەرێکی عاشق لە دایک دەبێت
عەشق نوێژی هەموو کاتمە

عەشق گۆرانیی دوورەوڵاتیمە
نیشتیمانی نوێ عەشقە و
هەر عەشقیشە بەیانیان
قاوەی یەکەمینم بۆ ئامادە دەکات
کە دنیا سارد دەبێت دامدەپۆشێت
دەملاوێنێتەوە
ئەم دونیایە بە عەشق درووست بووە و
هەر بە عەشق کۆتایی پێدێت
بەڵام من وتۆ
من و تۆ چیتر دەنگی ئاو نابیستینەوە.

١٩٩٩
ئۆڵۆ

## سەفەر

شەیتان
لەسەر پەڵەهەورێکی گەورەی شاهانەی
ئەم ئاسمانە شینە گەورەیەدا
دەست بەسەرگرتووی داماو، بەکوڵ دەگریا
ئەژدیهاکانیش دەوریان دابوو، دڵیان دەدایەوە
لەژێرەوەش
لەسەر زەوی
بارانێکی غەماوی دونیای گرتبۆوە
ئەژدیهاکان لێیان پرسی: چیت دیتووە
بۆچی دەگری شەیتان؟
ئەویش بە هەنسکی سوار و چاو پڕ فرمێسک
سەری هەڵبڕی:
ئێوە سەیر کەن
ئا لەم سەر زەویە
مرۆڤ چی لە مرۆڤ دەکات
هەر منداڵە و هاوار دەکات
دەبینم هەر مرۆڤە و ئاگر بە مرۆڤەوە دەنێت.
چ کارەساتێکە ئەم سەر زەویە
بۆ ماوەی یەک مانگ لەسەر شۆستەکان دەنووستم
هیچ کەسی پاک نەمابوو سەری پێدا بکەم
بۆ ماوەی یەک مانگ نەمزانی چیە موحیبەت تا تێکی بدەم
سێبەری جەنگ باڵی خستبووە
سەر هەموو شتێک
بە چاوی خۆم دیتم
ناپاکی و ئازار وەکو منداڵ گەورە دەبن
غەمەکان چەکەرە دەکەن و پێڕادەگەن
لە باخچەکان غەم دەڕوێن
ڕووباری خوێن دەیبردمەوە چاخەکانی دێرین
لەوێ منداڵ دەکوژن پێش ئەوەی لە دایک بێت

قەت ناچمەوە ناو ئەو دۆزەخە.
شەیتان بە تووڕەییەوە هاواری کرد:
چیتر نامەوێ سەرزەمین ببینم
ئیتر من بەرامبەر ئەو هەموو دیمەنە
بێدەنگی هەڵدەبژێرم
تەنیا و ماندوو
سەردەنێمەوە ؛
دنیا چونکە
چیتر پێویستی بە من نەماوە؛
مرۆڤیش بۆ خۆی
گەورەترین شەیتانی سەر رووی زەمینە!

## ساڵی دوو هەزار

دونیا
ئەورووپا
فەرەنسا
پاریس ـ گەڕەکی تۆرنفۆرت، ژمارە ٤١
ژووری ژمارە ١١٤
لەم ژوورەوە بۆ ئاسمان
لەم ژوورەوە بۆ هەموو دونیا
دونیا لەم ژوورەوە دەستی پێکرد
هەر لەم ژوورەوەش کۆتایی پێ دێت
لە پەنجەرە بچکۆلانەکەی ژوورەکەم
دیسانەوە تەنیا
دیسانەوە ساڵێکی نوێ
لەم شارە گەورە نارنجیەوە
لەم بەهەشتە جەهەنەمیەوە

لەم جەهەنەمە پان و بەرینەوە
لەم غەریبیە تاڵەوە
دیسانەوە غەمبار
دیسانەوە ساڵێکی نوێ
ساڵی دوو هەزار
ساڵی ۱۹۸۹
کاتێک هەولێرم بەجێهێشت عومرم
۲۳ ساڵ بوو،
ئێستا عومرم ٤٧٥ ساڵە.
من لێرە لە ژوورێکی ساردوسڕ
لەناو چوار دیوارێکی بێگانە
ساڵەکانم دەڕۆن
مانگەکانم دەڕۆن
هەفتەکانم دەڕۆن
ڕۆژەکانم دەڕۆن.
تەنها غەمەکانم ناڕۆن !
دادەنیشم تەنیا
بیر لە خونچەگوڵەکان دەکەمەوە
بیر لە منداڵە بچکۆلەکان دەکەمەوە
منداڵی گەڕەکە ڕەشوڕووتەکەم
تەیراوەی بێ تەیر.
داخوا چیمان بەسەر دێت؟
بۆ ئێمەی بێ وڵات
بۆ ئێمەی لەبیرکراو، داخوا
ساڵی نوێ چ دیاریەکی پێ بێت؟
لەم ژوورەوە بۆ ئاسمان
لەم ژوورەوە یەک هاوار
چاوبەفرمێسک
چاو دەبڕمە ئاسمان
ئاسمانی بێگانە
ئاسمانی پان و بەرین
ئاسمانی بێدەنگ
داخوا ساڵی نوێ چ ئاسمانێکمان پێ دەبەخشێ؟

داخوا ساڵی نوێ چ نەخشەیەکمان پێ دبەخشێ
من لەم عەردەوە
لەم شارەوە
لەم ژوورەوە
لەم بێهێزیەوە
لەم بێبەختیەوە
چاو دەبڕمە ئاسمان و هاوار دەکەم
خودای هەموو دونیا
لە بیر نەکەی
بەیانی زوو لە بیر نەکەی
بەیانی یەکەمی ساڵی نوێ، ساڵی دوو هەزار
بچکۆلەکان لە بیر نەکەی
گوڵەکانمان لە بیر نەکەی
ساڵەکانمان لە بیر نەکەی
ژوورە بچکۆلەکەم لە بیر نەکەی !
من لەوەتەی باوەشی گەرمی دایکمم جێهێشتووە
هەموو ساڵێکی نوێ
ئەمە دەنگمە
ئەمە ڕەنگمە
مەخابن
ساڵێکی نوێ دێت
منیش دیسانەوە مەلوول
بەبێدەنگی دیسانەوە
چاوەڕوانی ساڵێکی نوێی ترین و
لە بیر دەکەین
عومرمان هەمووی
ژیانمان هەمووی
لەم ژوورەدا
کۆتایی پێ دێت.

١٩٩٩ ـ ئۆڵۆ

# مزهحزن ظلآضعززن

ٱقزغزن زف كمقنز

En Langue Kurde

## لصخنمق ٱقؤصشم

ظريم نخعض إصزمزسظصخفض صظئمقإة
Kurdistan, ﺷﻤﺪﺿﻊ ﻟﻤﺠﻤﻤﺋﺌﺒﺒﺒ

ـ ئەم پەخشانەشیعرانە لە ١٩٩٥-٢٠٠١ نووسراون.
هەندێکیان لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە (ئاڵای ئازادی،
کوردستانی نوێ، برایەتی، چراخان، کورد).
- سوپاسی بێ پایان بۆ برایانی خۆشەویست، کاک کاروان
عومەر کاکەسوور و هەڵکەوت عەبدوڵا لە دانمارک.
٢٠٠١/٤/١٦

ناونیشان:
لصخنمق ٱقؤصشم
ﺑﻮﻗﻈﻨﺰﻓﻆ ﺑﻦ ﺻ ﻳﻤﻴﻨﻴﻤﻴﻨﻴﻴﺒﺒ ﻣﺨﺼﻬﻀﻌﻀﻔﻌﺨﻔﺮ
ﻯﺋﺰﻋﻨ ﻌﺨﻶ ﻤﻤﻴﻨﮯ ﻤﻤﺘﻨﮯ ﺒﻤﺘﻨﺒﻨﺘﻨﻤﻤﻜﻀﻤﺪﺨﻌﮕﻐﺨﻀﻌﻴﻤﺬﻗﻎ